7

## شــارو وڵاتــی

# ئالزی

### له كوردستانی باكوور

*وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە* *

ئالزی ناوی شارو وڵاتێكه له كوردستانی باكوور كه بۆ ماوەیەك دەوری له ڕووداوەكانی ناوچەكەدا هەبووه بەتایبەت لە كۆتایی هێنان به دەوڵەتی میتاننی بەهاوكاریی ئاشور، بەڵام زۆربەی كات لەژێر دەستی وڵاتەكانی تردا بووه.

**پێشەكیی وەرگێڕان**



ئەم بابەته باسێكی كورته لە (**Reallexikon der Assyriologie**) بەرگی یەكەم (1932) ل (88–90) بەناوی (ئالزی). ڕەنگه زانیاری نوێتر لەبارەی ئەم شارو وڵاتەوەو لەدوای ئەم بابەته بەدەست كەوتبن، بەڵام بۆ خۆم لەم بابەتەم زیاتر لا نییه. بابەتەكە لەنووسینی (فۆرەر **E.Forrer**) و (ئێكهارت ئونگەر **Eckhardt Unger**)ــە هەر پـاراگرافێكیش یـەكێكیان نووسـیویەتی، بەپێویستیشم نەزانی ئاماژە بۆ ئەوە بكەم. لەگەڵ وەرگێڕانەكەشمدا نەخشەیەكی جوگرافیم زیادكردووه كه بەتەقریبی شوێنی وڵاتی (ئالزی)م لەسەر داناوه.

**بابەته وەرگێڕدراوەكه**

یەكێك لەو ناوچانەی كه ئاشورییەكان لەسەدەی (13)ی پێش زاین لەبەشی سەرووی دیجلەدا حوكمیان دەكردن ناوچەی ئالزی **Alzi** بوو، لەدەوڵەتی خاتتی **Hatti** دا ناوی ئالزییا **Alzija** دێت، لەپەیمانەكەی ماتتیوازا **Mattiuaza** ی میتاننی **Mittanni** یشدا ناوی ئالشێ **Alše** هاتووه، لەنووسینه ئاشورییەكانیش لە توكولتی نینورتای یەكەمەوە[1] تا سەردەمی نوێی ئاشوری *(سەرەتای سەدەی نەیەم تا سەدەی حەوتەمی پ.ز)* ناوەكه هەمیشه وەك ئالزی **Alzi** هاتووه، تەنیا یەك جار لەلایەن توكولتی نینورتای یەكەمەوه بەشێوەی ئیلزی **Ilzi** هەیه. (شترێك) ئالزی و ئێنزی **Enzi** و ئێنزیتێ **Enzite** ی بەیەك زانیوه، بەڵام (بلێك) ئەمەی ڕەفز كردووەو لەمەدا ڕاستی كردووه.

ئالزی بەتەقریبی لە دەوروبەری سەرچاوەی سوپنات **Supnat** ەوه، كه ئەمڕۆ پێی دەوترێت بابیل **Babil** لەڕۆژئاوای باكووری (مووسڵ)، تا باكووری ڕۆژئاوا درێژ دەبووەوه. بلێك لەوەدا ڕاست بوو كه ئالزیی بە هەرێمی ئەڵزنیك **Alznik**ی[2] ئەرمەنی (ئەرزنیك، ئارزانێنێ **Arzanene**) و[3] ناوچەی ئەڵزن **Alzn**[4] (ئەرزن **Arzn**) – كه كەوتۆته ناویەوه –زانیبوو. سنوورەكانی ڕۆژئاواو باشووری یەكەمیان بریتین لەدیجلەی سەروو. لەباكووریشدا ڕووباری

---

[*] گۆڤاری ڕامان، ژمارە 35، 1999/5/5، ل 203-205. پەراوێزەكان هی خۆمن.

[1] توكولتی نینورتای یەكەم: 1244–1208 پێش زاین.

[2] لە بابەتەكەدا پیتی (ئیڵ) خاڵێكی لەژێردایەو بە دەنگی (ڵ)م زانیوه.

[3] جاری وایه ناوی (ئەرمینیا) بۆ هەندێك شوێن دەوترێت كەسەر بە كوردستانه یان تێكەڵەی كوردو ئەرمەنیی تێدایه.

[4] خاڵ لەژێر پیتی (ئیڵ) دانراوه.



ZAGROS WEBSITE

(موراد – چای)[5]، هەروەها قەراغی باشووری دەشتی (موش) و قەراغی باشووری دەریاچەی (وان)، لەڕۆژهەڵاتیشدا (20–25) کیلۆمەتر لەڕۆژهەڵاتی سەعرت **Seört** درێژ دەبێتەوە.

ئەمەش هەروەها سنووری (ئالزییا **Alzija**)یە، بەڵام گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵات سەر بە بابانخی **Babanhi**[6] بوو و بەشی ڕۆژئاوای وڵاتەکە پادشایانی میتاننیو ئاشور هەوڵیان دا بۆ وڵاتی دوو ڕووباری ڕابکێشن.

## مێژوو

دەسەڵاتی توشراتتا **Tušratta** ی پادشای میتاننی **Mitanni** لەسەرەتای سەدەی (14) پ. ز لە وڵاتی دووڕووبارەوەو بەدرێژایی ئیشوڤا (یان ئیسوڤا) **Iš/suva** (ڕۆژئاوای ئەرمینیا) و کیززوڤادنا **Kizzuvadna** (پۆنتوس) **Pontus**[7] تا کەناری دەریای ڕەش درێژ دەبووەوە. کەواتە ئالزییا نەیدەتوانی خۆی لەدەسەڵاتی توشراتتا دەرباز بکات.

کاتێک پادشای خاتتی سۆپپیلولیۆماس **Soppiluljomas** (شوپپیلولیوما **Šuppiluliuma**) (1380–-1346پ.ن) لەساڵی (1374) (؟) (ئیشوڤا)ی گرتەوە هەروەها شاری کوتمار **Kutmar**ی سنووری گرت – کەئەمیان لەوانەیە ئەوسا سەر بە میتاننی بووبێت – و کردیە دیاری بۆ ئانتاراتلی **Antarâtli** پادشای وڵاتی ئالشێ **Alše**. کوتمار (کوللیمێری – **Kullimmeri**) ی سەردەمی نوێی ئاشورییە[8] و جێماوی لە (تەل خەرابە) ماوەتەوە، لای گوندی کونمار **Kunmar** لەسەر ڕێگەی نێوان (پالو) تا هانی **Hany**(هینی **Hyny**)و 18 کیلۆمەتر لەمەی دواییان دوورە، کەواتە سۆپپیلولیۆماس کوتماری لەکاتی ڕۆشتنی لە (پالو) تا ئامیدا **Amida** –دیاربەکرو دواییتر بەرەو میتاننی گرتبوو و ئەم گۆشەیەی وڵاتی (ئالشێ)ی وەك بەرامبەرێك بۆ بێلایەنییەکەی پێشکەشی ئەم وڵاتەی کرد.

دەبێت دوای مردنی پادشای میتاننی توشراتتا دەوروبەری ساڵی (1367پ.ن) ئالشێ بەهاوکاریی ئاشور میتاننیی داگیر کردبێت، ئەم دوو وڵاتە بەگزادە خارریيەکانیان **Harri** وەرنەگرت ، کە ئەمانەی دوایی لەسەر سنگ (خازووق) دانیشێنران[9]، هەروەها ئەو گەنجینانەش کە پێدەچێت توشراتتا وەك ئاغای ئالشێو ئاشور کۆی کردبوونەوە.[10]

کە پادشای خاتتی مۆرسیلیس **Morsilis** (مورشیلیش **Muršiliš**)ی دووەم لەساڵی دەیەمیدا (1335پ.ن)

---

[5] لقێکی فوراتە.

[6] بابانخی: (خی) پاشگرێکی (خورری)یە، (پاپ)یش بەخورری واتای (کێو)ـە: **HS, p.110**.

[7] پۆنتوس ناوی سەردەمی یۆنانیو ڕۆمایی وڵاتێکی باشووری دەریای ڕەش بوو، دیارە (فۆرەر) لێرەدا یەکسانی کردووە بە وڵاتی (کیززوڤادنا) کە ناوێکی کۆنترە.

[8] بڕوانە بابەتی (لوبدی) لە کتێبی یەکەمی (مێژووی دێرینی کوردستان) کە کوتمار لای (گوتزە) (کوللیممێری)ی سەرچاوە ئاشوورییەکانە.

[9] سنگ (خازووق): دارێکی درێژە لەزەوی دەکوتراو لای سەرووی تیژەو شێوەیەکی لەسێدارەدان بوو و دیلەکەیان تا مردن لەسەری دادەنیشاند. ئاشورییەکان ئەم کارەیان زۆر دەکرد. لێرەدا پادشای میتتاننی ئەمەی لەگەڵ ژمارەیەك بەگزادەی وڵاتەکەی خۆی کردبوو. زووتر زانایان بڕگەی (خور)یان بەهەڵە بە (خار) دەخوێندەوەو لەمەوە نووسەر وشەی (خارری)یەکان لەجیاتی خوررییەکانی نووسیوە.

[10] شوتتارنا **Šuttarna**ی پادشای میتتاننی دیاریی گرانبەهای بۆ ئەو دوو وڵاتە ناردبوو، هەروەها ئەو بەگزادانەی وڵاتی خۆی بۆ ناردن کە پایەیان لەلا دۆڕاندبوو. ئاشورو ئالشێ ناردیاننەوە بۆ شوتتارنا، ئەویش لەدەوری شووراى شاری تائیدی **Taidi** لەسنگی دان:

**N.B. Jankowska, The Mitannian Šattiwasa in Arraphe, in; Socities and Languages of the Ancient Near East, Studies in Honour of I. M. Diakonoff, p.138.**



ZAGROS WEBSITE

لەشکرکەشییەکی گەورەی ڕووکردە خایاسا –ئاززی Hajasa-Azzi لە ئەرمینیای سەروودا ئینگالاڤا Ingalava ی وەك شوێنی بەیەك گەیشتنی لەشکرەکە دەستنیشان کرد. کەواتە ئەمیان دوایەمین ناوچەی گەورەی دەوڵەتی خاتتی یاخود هی (ئیسوڤا) و لەبەرئەوە یەکسانە بە (ئینگیلا Ingila) ی سەردەمی ڕۆمایی‌و (ئەگیل Egil)ی ئەمڕۆیە کە باکووری دیاربەکرە لەسەر دیجلەی سەروداو کە سنوورەکە لەم شوێنەدا بوو.

دوایی لەشکرکەشییەکە بەرەو دەریاچەی وان ڕۆیشت ئەویش لەڕێگەی بۆشاییەك کە ناوی نەهێنراوەو کە (ئالزیا Alzija)یە. لەسەر ئەو دەریاچەیەش شاری یەکەمی خایاسا –ئازی هەبوو، کەواتە دیجلە سنووری ڕۆژئاوای ئالزیا بوو و دەریاچەی وان سنووری ڕۆژهەڵاتی بوو.

ئالزی بەسەربەخۆیی مایەوە تا کاتی توکولتی نینورتای یەکەمی ئاشور. ئالزی لەدەستی ئەم پادشایەدا بوو و ئەم وڵاتانەی ناوبردووە کە چۆکی پێ‌داداون: بابخی – Babhi (ڕۆژهەڵاتی ئالزی، بڕوانە بابانخی)[11] ، کودموخی Kudmuhi (باشووری ئالزی)[12] ، هەروەها بوششێ Bušše، مومێ Mumme، ئالزی، مادانی Madani، نیخانی Nihani، ئالایا Alaja، تێدیمزی Tedimzi، بورولومزی Burulumzi کە ڕەنگە هەموویان لەسەر خاکی ئالزییای کۆندا بووبن.

پەنجا ساڵ پێش ساڵی (سفر)ی[13] تیگلات پلاصەری یەکەمی ئاشوری وڵاتی ئالزی‌و بورولومزی، کە تا ئەو کاتە سەرانەیان دەدا بەئاشور، لەلایەن بیست هەزار موسکی *(موشکی/ وەرگێڕ)* لەژێر سەرکردایەتیی پێنج پادشاوە گیرابوون. ئەمانە هەروەها وڵاتی (کادموخی)یان پەلاماردا کەناوچەی (جزیرە)ی ڕۆژئاوای دیجلەیە، تیگلات پلاصەری یەکەم لەساڵی سفریدا (1116پ.ز) لەوڵاتی کادموخیدا بەسەریاندا زاڵ بوو و لەساڵانی دواییدا دەبوایە ئەوان‌و کادموخی سەرانە بە ئاشورییەکان بدەن.

ئالزی هەروەها لەلایەن ئاداد–نیراریی دووەمەوە (دەوروبەری ساڵی 900) لەگەڵ (نائیری Nairi)دا ناوبراوە، هەروەها توکولتی نینورتای دووەم (889–884) ناوی وڵاتی موسکی Muski ی هێناوە، بەڵام لە باشووری دیجلەو چووبووە سەر ئەو ئەشکەوتەی کە سەرچاوەی ڕووباری دیجلەیەو نووسراوێکی لەوێدا جێهێشت.

بەڵام ئاشور ناصیرپالی دووەم (883–859)[14] لەجیاتی ئالزی تەنیا وڵاتی شوبریا (شوپریا) Šub/pria ی لەبەشی ڕۆژئاوای باکووری ئالزی ناسیبوو و لەبەشی ڕۆژئاوادا بەرامبەر ئامێدی Amedi دەوڵەتە ئاراميیەکەی بیت زامانی – Bît-Zamânî، لەبەشی ڕۆژهەڵاتی باکووردا: دیررا Dirra، لەبەشی باکووردا: نیربێ Nirbe و ئارباکی Arbaki و ئولليبا Ulliba. لەکاتی شەلمانەصەری سێیەمیشداو لەگەڵ ئالزی هەروا ناوی ئێنزی *En-zi* یاخود ئێنزیتێ *En-zi-te* دەردەکەوێت.

شەلمانەصەری سێیەم، لەساڵی سێیەمیدا (856پ.ز) بەناو کێوەکانی نیریبێ Niribe (= کێوەکانی دەربەند کە ئەمڕۆ (نیریب داغلەری)ی پێ دەوترێت، ڕێك ڕۆژئاوای باکووری هینی Hyny)ی سەر بەوڵاتی ئالزی (بەپێی

[11] بابخی Babhi (یان پاپخی) ئەوسا بە (کورطی Kurṭi) دەخوێنرایەوە:

RLA, 1, S.328.

[12] یان کوتوخی، کوموخی، کوموخی، ڕەنگە (کەماخ) پاشماوەی ئەو ناوە بێت. بۆ (کەماخ) بڕوانە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعید ناکام، ل 33.

[13] تیگلات پلاصەری یەکەم لەساڵی (1115)ەوە حوکمی کرد. ساڵی (سفر) یەکەم ساڵی فەرمانڕەواییەو پاشماوەی ساڵی پادشای ڕابوردووە. پادشا دەڵێت: لەسەرەتای حوکممدا.. تاد، بڕوانە:

AKA, p.35.

[14] لەبابەتەکەدا ساڵی (884) لەجیاتی (883) هاتووە.



Zagros Website

**سالّنامەکانی پادشا)[15] ڕۆیشتو (ئالزی)ی داگیرکرد (بەپێی سالّنامەکان) یان ئێنزیتێ Enzite لە ئیشوڤا Išuva[16] (بە پێی نووسینی ڕێکوپێکتری مۆنۆلیث)، پاشان ڕووباری ئارصانیا Arşania.**

**ڕەنگە لەوکاتەدا (ئەگەر پێشترو لەکاتی ئادادنیراریی دووەمدا نەبێت) ئالزی ببووە ویلایەتێکی ئاشوری، (نینورتا کیبسی ئوصور)ی فەرمانڕەوا سالّی (838) و بەپێی نووسینێکی سەر میلێکی خۆی هەروەها ئالزیشی بەڕێوە دەبرد، بەلاّم خوێندنەوەی ناوی ئالزی لێرەدا ئەکید نییە.**

**هەروەها ماردوك شیمێ ئاننی سالّی (799 پ.ز) حاکمی ئالزی بوو. هەردوو حاکمەکە هەروەها ئامێدی Amedi یان بەڕێوە دەبرد (تەماشای ئامیدا Amida بکە)[17].**

**بەپێی فۆرەر ئالزی نووسینی هەڵەی (ئێنزیتێ Enzite)یەو هەروەها لەمیلەکانی ئاشور ژمارە (39) و (47) لەجیاتی *al(?)-zi* ڕەنگە ڕاستتر *en(?)-zi* بخوێنرێتەوە.**

**شەلمانەصەری سێیەم لەسالّی (30)یەمیدا (=(29) یەم لەسالّنامەکاندا) کە دەکاتە (829پ.ز) ولاّتی کیرخی – Kirhi[18] (سالّنامەکان) یان ولاّتی ئوللوبا – Ulluba (بەپێی لیستی ئێپونمەکان)ی وێران کرد، دەبێت (ئالزی)ی ڕۆژهەلاّت لەوکاتەدا سەربەخۆ بووبێت.**

**پاشان پادشای ئورارتو مینواس Menuas کوڕی ئیشپوئێنی Išpueni (دەوروبەری 810–795 پ.ز) ولاّتی ئالزینی Alzini ی داگیرکرد. دیجلە بووە سنووری باشووری ئورارتو. تیگلات پلاصەری سێیەمی ئاشوری (745–727) سالّی (739) پەلاماری هەموو ناوچە ئورارتوییەکانی باشووری کێوەکانی تۆروس‌و لەسەر بناغەی خاکی ئالزی هەرێمی نوێی (ئوللوبا)ی دامەزراند[19]، بەلاّم لەسالاّنی دوایەمینیدا چووە دەستی (روسا)ی یەکەمی ئورارتو و لەنامەیەکی ئاشوریدا ناوی (سیپلیا *Si-ip-li-a*)ـیەکی ولاّتی ئالزی هاتووە. بەپێی (ئونگەر) ئەکید نییە ئەگەر ئەمە پەیوەندیی بە پیاوێکی پایەدار یان پیاوێکی سادە هەبێت. بەپێی فۆرەر گومان لەوەدا نییە سیپلیا بێل پیخاتی *bêl-pîhâti* ی ئورارتوییی (ئالزی)یە[20]. ئەمەش دوایەمین دەرکەوتنی ناوی ئالزییە لەسەرچاوە مێخییەکاندا. بەشی ڕۆژئاوای ئالزی وەك ئەمارەتی شوبریا (شوپریا Šub/pria) جارێکی تر سەربەخۆ بووەوە. تائێستاش نەتوانراوە شوێنی شارەکەی ئالزی دەستنیشان بکرێت.**

---

[15] (فۆرەر) ژمارەی نووسراوەکەو ژمارەی دێڕەکانی هێناوەو بەپێویستمان نەزانیوە ئەمانە بنووسین. سەبارەت بە(سالّنامە)و(**مۆنۆلیث**)یش ئەمانە دوو نوسراوی پادشان " یەکەمیان سالّنامەکانیێتی‌و ئەوەی تریان بەردی (**مۆنۆلیث**)ە، واتە میلێکە بەسەرهاتەکانی پادشای لەسەرەو دووبارەکردنەوەی سالّنامەکانە.

[16] دەنگی (ڤ) لەنووسینی مێخیدا نییە ڕەنگە دوو نووسەرەکە پشتیان بەنووسینی پادشا خاتییەکان بەستبێت. خاتییەکان جگە لەنووسینی مێخی نووسینی (هیرۆگلیفی)ی تایبەتی خۆیان هەبوو. هەمان شتیش بۆ ناوی (کیززوڤادنا **Kizzuvadna**) کە لەنووسینی ئاشوریدا بەشێوەی کیززوواتنا **Kizzuwatna** هەیە.

[17] واتە لەهەمان ئەو سەرچاوەیەی ئەم باسەی تێدایە.

[18] خوێندنەوەی خابخی **Habhi** پەسەندکراوە.

[19] بۆ ئوللوبا بڕوانە باسێکی خۆمان لەبارەی نووسراوێکی تیگلات پلاصەری سێیەمەوە لە (مەلا مێرگی)، کاروان، ژمارە (40) کانوونی دووەمی 1986، ل 4-9. ئوللوبا لەناوچەی دهۆك –زاخۆدایەو ڕەنگە زیاتر لەدۆڵی خابووری زاخۆدا بێت، بڕوانە بابەتی ئوللوبا لەم کتێبەدا.

[20] واتە فەرمانڕەوا. لەبابەتەکەدا نووسراوە **bêl pîhâit**.